لەبەر گرنگی ئەم وتارەی ڕێزدار دکتۆر بەرهەم ساڵح بە باشمان زانی لە کوردستان نێت دا جێگەی شایستەی خۆی بگرێت و بڵاویبکەینەوە ..... کوردستان نێت

# ئەرکێکی گرنگی ئەم قۆناغەمان

د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح

لەم ڕۆژانەدا یادی (11) ساڵ بەسەر بەستنی یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی خەڵك لە تاقە هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکەی ساڵی 1992دا، تێپەڕی.

یادکردنەوەی ساڵڕۆژی ئەم سەروەرییە نیشتمانییە، یادکردنەوەی وێستگەیەکی وەرچەرخان بوو لەمێژووی میللەتەکەماندا، چونکە پەرلەمان بەردی بناغەی دەسەڵاتی تەشریعی لەکوردستان دانا. هیوای خەڵك لەم ماڵە گەورەیە ئەوەبوو ببێتە شوێنی راوێژو تەگبیرکردن بۆ داڕشتنی ئەو یاساو ڕێوشوێنانەی کە ئایندەیەکی گەش‌و رووناکمان بۆ دابین بکەن، ببێتە سەکۆیەك بۆ خواست‌و ئیرادەی گەلی کوردستان و لەڕێی ئەوەوە ئەزموونی بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان خۆی بخاتە چوارچێوەیەکی دەستووری دیموکراتییەوە. بەداخەوە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان پریشکی ئاگری ناکۆکی‌و دژوارییەکانی شەڕی نەخوازراوی ناوخۆشی بەرکەوت، کە لەم رووەوە گلەییکردن لەئیفلیجی پەرلەمان هەر لەسەرەتای شەڕی ناوخۆوەو دابەشبوونی بەسەر سەنگەرەکانی شەڕدا گلەییەکی ڕەوایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان هەمیشە لەلایەن دۆستان‌و پشتیوانانی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان وەك ڕەمزێك بۆ تاقیکردنەوەی دیموکراتی خەڵکی کوردستان‌و بەشداریکردنیان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان جێی ڕێزو ستایش بووە. بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە 2002/10/4دا هەر لەژێر سایەی ئەم پەرلەمانەدا هەنگاوێکی گرنگ لەڕێی یەکخستنەوەی نێومالّی کوردی نرا. ئەوەبوو لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیدا پەرلەمانی کوردستان (خولی گواستنەوە) فراکسیۆنەکانی یەکخستەوەو نوێنەرانی گەل دەستبەرداری ناکۆکییەکان بوون‌و بەیەکگرتوویەوە پێشوازیان لەپێشهاتەکانی گۆڕانکاری لەعیراق‌و ناوچەکە کرد.

یەکخستنەوەی ریزەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دۆست‌و دڵسۆزانی هاندا کە لەیادەکەی ئەمساڵ‌و لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا بەڕاشکاوی پشتیوانی زیاتری خۆیان بۆ ویست‌و داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەمان دووپات بکەنەوە. سەرکردەو نوێنەرانی حزب‌و هێزە سەرەکییە نیشتمانییەکانی عیراق ڕێزیان لەئیرادەی یەکگرتووی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان نا کە لەرۆژی (1992/10/4) دا بەگشتی دەنگ بڕیاریدا پەیوەندی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا لەشێوەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی فیدرالیدا بێت.

هەر لەم پەرلەمانەدا پەیامی شەراکەتی کوردو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەشەڕی ئازادی، لەدژی تیرۆرو دیکتاتۆری ڕاگەیەنرا. گەلی کوردستان لەڕێی بەدەنگەوەهاتنی پەرلەمانەکەی‌و لەڕێی هەڵوێستی ڕاست‌و دروست‌و ئیرادەی یەکگرتووی سەرکردایەتییەکەیەوە ئەم شەراکەتەی خستە چوارچێوەیەکی عەمەلییەوەو بێ دوودڵی لەپرۆسەی (ئازادی عیراق) و ڕامالینی گەورەترین ڕژێمی دیکتاتۆری کە ڕژێمی سەرکوتکردن‌و تیرۆری ڕێکخراوی دەوڵەتی بەعس بوو، بەشداریکرد.

شەڕی لەناوچوونی ئەو ڕژێمەی نکوڵی لەمافەکانی کورد دەکرد، ئەنفال‌و هەڵەبجەو گۆڕی بەکۆمەڵی بەسەر ئێمەو تێکڕای خەڵکی عیراقدا هێنابوو، شەڕێکی ڕەواو ئەخلاقی بوو، بۆیە خەڵکی کوردستان بە شەڕی خۆیان زانی‌و ڕاشکاوانە پشتیوانیان لێکرد. هێزی پێشمەرگە، هەر وەکو سەرکردایەتی سوپای ئەمریکاش لەهەموو ئاستەکاندا تەئکیدیان لەسەر کردەوە، هاوکارێکی کارای هێزەکانی هاوپەیمانان بوو، لەناوچەکانی (بەرەی باکور) یشدا ڕۆڵێکی جوامێرانەو بەرچاوی گێڕا. خۆشبەختانەش ئەم پرۆسەیە بووە مایەی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بەعس‌و نەمانی سیاسەتی تەعریب‌و ڕاگوێزان لەشارەکانی کەرکوك‌و خانەقین‌و مەخمورو شەنگارو شارۆچکە تەعریبکراوەکانیتری

کوردستاندا. گەلی کوردستان سوپاسگوزاری بێ پایانی هێزەکانی هاوپەیمانانە کە بەڵێنی خۆیان هێنایەجێو وڵاتەکەمانیان لەهەڕەشەی سەدام رزگار کرد. لەوەش زیاتر کوردیان کردە شەریکەبەش لەو نەبەردییە ئازادیخوازییەی عیراقی لەتیرۆرو رەشەکوژیو دیکتاتۆری پاککردەوە.

لەگەڵ ئەو بەشدارییە فیعلیەی شەڕەکەشدا، سەبارەت بە مامەڵەی ژیرانەی بزووتنەوە سیاسییەکەمان لەگەڵ دەرکەوتو پێشهاتەکاندا، خەڵکی کوردستان کەمترین پریشکی ئەو جەنگە چارەنووسسازەیان بەرکەوت. مەگەر پریشکی گیروگرفتە ئابوورییەکان نەبێت کە گیروگرفتی کەم نین، بەڵام ئاکامێکی سروشتی هەر جەنگو پشێوییەکنو دەبێ هیمەت بۆ چارەسەرکردنیان بکەین. گرنگە بۆ قۆناغی داهاتووش بەوریاییو ژیرییەوە لەگەڵ سەرەنجامەکانی ئەم جەنگەدا بجولێینەوە بەو جۆرەی هەلوێستە سیاسییەکانی لەمەودواشمان هەلوێستی سیاسیی بنیاتنەرانەی ئەوتۆبن کە زۆرترین دەسکەوتیان بەدواوەبێت بۆ میللەتەکەمان. دەسکەوتی داڕشتنەوەی سەر لەنوێی پێکهاتەی دەوڵەتی عیراق لەسەر بنچینەیەکی دیموکراتو فیدرال کە کۆتایی بە هەشتاساڵ مەینەتیو ئەنفالو کیمیابارانکردنو پاکتاوی رەگەزی گەلەکەمان بێنێت.

قۆناغی لەمەودواش پێویستی بەئامادەباشیو خۆکۆکردنەوە هەیە.

یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردی کە بەهەنگاوێکی گرنگی یەکخستنەوەی ئیرادەی پەرلەمانی دەستی پێکرد و بە قۆناغی یەك هەلوێستی لەمەسەلە چارەنوسازەکانی پرۆسەی ئازادی عیراق و ئاکامەکانیدا تێپەڕی، پێویستە بگاتە قۆناغێکی نوێ کە ئەویش یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی ئینتقالییە (حکومەتی یەکگرتنی نیشتمانی) بنکە فراوان کە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی رەوشی نوێی کوردستان و عیراق رایی بکات و گیانێکی تازەو خوێنێکی تازە بخاتەوە بەر ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان. چونکە لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەغدا ئەو پاساوەمان نەماوە بەبیانووی مانەوەی هەڕەشەکانی سەدامەوە چاو لە کەموکورتییەکانی ئەزموونی حوکمڕانیمان بپۆشین کە راستە دەسکەوت و پێشکەوتنی جێی شانازی هەمووﻻیەکمانی بەدەستهێناوە، بەڵام کەموکوڕییەکانیشی ناشاردرێنەوەو ناتوانین پاساوی سیاسی بۆ بهێنینەوە بەتایبەتی کەلێنەکانی بواری بەڕێوەبردن وەك گەندەڵی ئیداریو داراییو کەموکوڕی لەمیانی پێداویستییە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکەی چاوەڕوانییەکی زۆریان لەئێمە هەبوو و هەیە. خەڵك هیوایان وابوو حوکمڕانی خۆماڵی بەوتوانا دارایی و داهاتەی بەردەستییەوە بتوانێت قەرەبووی بێ بەشی و بێ خزمەتی سەردەمی رژێمی بەعسیان بۆ بکاتەوە.

هەروەك لەت بوونی ئیدارەش بووە مایەی کەرت بوونی وزەو تواناکانی میللەتەکەمان کەدەبوایە پێکەوە ئەو وزەو توانایەمان بخستایەتە خزمەتی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و پێشخستنی ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیانەوە.

ئێستاش چاوەڕوانی راست و رەوای خەڵك لە هەموو ﻻیەکمان ئەوەیە حکومەتەکەمان یەك بخەینەوە. چونکە دەکرێ لەچوارچێوەی یەك ئیدارەو یەك ئیرادەی سیاسیدا هەم کەموکوڕییەکان چارەسەربن و پێکەوە گرفتە ئابوورییەکانی ئێستا چارەسەربکەین و هەمیش رەوشی سیاسیی کوردستان بخەینەوە سەر رێبازی ئاسایی خۆی بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ و سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستاندا. چیتر ناکرێ لەبەردەم خەڵکی خۆمان و دۆستانی مەسەلە رەواکەمان لە دنیادا پاساو و بیانوو بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بهێنینەوە. پەرلەمانێك کە بێگومان پشتیوانییە مەعنەوییەکەی لەهی ئێستا زیاتر دەبوو ئەگەر پتر لەخولێکی هەڵبژاردنمان بکردایە. گەر فریای پەرلەمانەکەمان نەکەوینو زوو بەزوو هەڵبژاردن نەکەینەوە، ئەوا ئەم پەرلەمانەش وەکو زۆر لەپەرلەمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کارتۆنی ناوزەد دەکرێت. چیتر هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتیش وەك یەکێتی و پارتی، ناتوانین خۆمان بەدیموکراتخواز بزانین ئەگەر لەجیاتی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان تەگبیر لەهەڵبژاردنێکی سەرتاسەری نوێ نەکەین. بەتایبەتی لەهەلومەرجی نوێی دوای نەمانی سەدام کە ئاسۆی گەشەکردنی دیموکراسی لەعیراقدا ئاسۆیەکی روونەو پتر لەهێزێکی دیموکرات و پتر لە ئەزموونێکی دیموکراتی دێنە پێشەوە کەئێمە ناتوانین هاوشانیان بین ئەگەر ئەزموونی پەرلەمانیمان دەمەزەرد نەکەینەوە.

**بۆیە ئەم ساتە مێژووییە کەسەرلەنوێ بنەمای دەوڵەتە فاشیلەکەی عیراق دادەڕێژرێتەوە، ئەوەی لێمان دەوێت دروشمی حکومەتی یەکگرتوو لە قۆناغی نزاو ئاوات بۆ خواستنەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغی بەزوویی جێبەجێکردن تاوەکو راستگۆیی پەیامی بزووتنەوە سیاسییەکەمان بپارێزین کە داوای سیستمێکی فیدرالی دەکەین و دەمانەوێ بەشە کوردستانییەکەی لە چوارچێوەی یەك هەرێمدا بێت. دەبێ بزانین کە دوو کەرت بوونی ئیدارە، یەکێك لە سلێمانی و ئەویتر لە هەولێر، رەوایی ئەو تێزەمان بنکۆڵ دەکات کە کوردستان یەك هەرێم بێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدرالییەی داوای دەکەین. بەپێچەوانەوە داشی ئەوانە سواردەکات کە دەخوازن یاسای پارێزگاکانمان بەناوی جۆرێك لەفیدرالییەوە پێ بفرۆشنەوە. لەم هەڵوەستەیەشدا گرنگە قورسایی تێکۆشانی داهاتوومان بخەینە سەر دەستوور. واتە شەڕێکی یاسایی و سیاسیی و دیموکراتیمان لەپێشە لەبارەی وردەکاری دەستووری بنچینەیی عیراقی نوێ و ئەو یاساو بنەمایانەی دەوڵەتی تازەی لەسەر دروست دەکرێتەوە.**

**ئێمە دەستورێکمان پێویستە کە کەلێن بۆ سیاسەتەکانی بەعەرەبکردن و رگوێزان نەهێڵێتەوە و ناوچە بەعەربکراوەکان بگێڕێتەوە بۆ باوەشی هەرێمی فیدرالی کوردستان.**

**دەستورێك کە بودجەی پێویست بۆ گەشەسەندنی ئابووری کوردستان دابین بکا بەو شێوەیەی گیروگرفتە ئابوورییەکانی هەرێمەکەمان چارەسەر ببێت و پرۆژەکانی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە پەك نەخرێت.**

**هەڵبەتە بۆئەمەش پێویستمان بەراوێژو هاوکاری یاساناس و شارەزایانی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەو بگرە پێویستمان بەتواناو شارەزایی دۆستانی کورد لەهەموو شوێنێك هەیە تابتوانین لەدەستووری نوێدا ئەو تێزە سیاسیانە جێگیر بکەین کە چەندین ساڵە تێکۆشانی بۆ دەکەین و بانگەوازی بۆ دەدەین.**

**ئەم ئەرك و فەرمانانەی چاوەڕێمانن بەپەرتی و دابەشبوونی وزەو تواناکانمان پێمان جێبەجێناکرێ، بەڵکو سەرەنجام رووبەڕووی سەرزەنشتی رەوای خەڵکی کوردستان دەبینەوە. کەمتمانەو باوەڕی خۆیان بەئەزموونی حوکمڕانی خۆماڵی داوە.**

**بۆیە پێویستە بۆ جێگیرکردنی ئەو ماف و داخوازیانەی کە میللەتەکەمان رووبارێك رەنج و خوێنی لەپێناودا بەخشیوە، بەزوویی پەرۆشی هاوبەشی خۆمان بۆ یەکخستنەوەی ئیرادەو ئیدارەی کوردستان بخەینە بواری عەمەلییەوە و زەمینەی حکومەتێکی ئینتقالیو هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری بۆ پەرلەمانێکی نوێی دیموکراتی دابین بکەین.**

***ئەم وتارە لەیەك کاتدا لەرۆژنامەی ( خەبات ) و ( کوردستانی نوێ ) دا بڵاودەکرێتەوە.***